

# کەڤاڵی خوێن

## عومەر کەریم بەرزنجی

ئەو تاجە گوڵە چۆن دانێم

تك...

تك...

خوێنی لێئەچۆڕێ.

فەرشی سووری ئەو رێگایە

دەپێچنەوە.




تا ئەو کۆترە پەراگەندانە

راڤەی ئەو کەڤاڵە نەکەن

مێژووی ئەو هەموو برینە

نەنوسنەوە.

ئەو هەموو دەستە ڕەشانە

دەیانەوێ..

هەرچی گوڵە شەوبۆ هەیە

لەم بوونەدا بیسڕنەوە..

ئەوان دێن و..

ئاگر لە باخچە بەردەدەن.

کێ گوێ ئەدا بەهاواری

ئەو گوڵانە.

کێ گوێ ئەگرێ بۆ چیرۆکی

ئەم زامانە.

ئەم ئازارە

جەستەیەکی پڕ برینەو

ئازارێکە زۆر بەسوێیە

هەموو دەمێ لەگەڵ خۆیدا

هەگبەی برینێکی پێیە...